www.kurdistannet.org
29-5-2007 20:58ناوەندی ئەوروپا

ئەلبومی هەڵەبجە ... ڕەفعەت هەڵەبجەیی

ئەلبومی هەڵەبجە ناوونیشانی ئەو کتێبەیە کە نووسەر مامۆستا (ئازاد حەمدی) لەسەر کەسایەتیەکانی، شاری هەڵەبجە نووسیویەتی ئەم کتێبە کە 559 لاپەڕەیە، بێجگە لەوەی کەئەلبومێکی وێنەیی یە لەهەمان کاتدا هەندێ بیرەوەری سیاسی مێژووی کۆمەڵایەتی بە وێنەی کەسایەتیەکانی ئەوکاتەوە تێدایە، ئەمە بێجگە لەوەی کە نووسەرهەندێ لە بیرەوەریە نیشتمانیەکان و چالاکیە ڕۆشنبیریەکان و قوتابخانە بیەکانی بە وێنەوە باس کردووە. دواتر نووسەر ژمارەیەکی زۆر لە شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهیدی بە وێنەوە تیا تۆمار کردووە. بەهەمان شێوە نووسەر، شاعیران و گۆرانیبێژەکانی شاری هەڵەبجەی بە وێنەوە تیا تۆمار کردووە. هەرچەندە کتێبەکەی مامۆستا ئازاد بەدەر نیە لە کەم و کوڕی بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ کەسێکی بەتەمەنی وەکو مامۆستا جێگەی ڕێزو پێ زانینە کە بەهەوڵ وماندووبونی خۆی توانیویەتی ئەو ئەلبومە نایابە ڕێك بخات. ئێمە وێڕای تەمەن درێژی بۆ مامۆستا ئازاد حەمدی دەخوازین هیوادارین بەردەوام بێت لە نووسینی بەشی دووەمی ئەلبومەکەی لەسەر شاری هەڵەبجە. وەهەروەها داوا لەڕۆشنبیران وکەسایەتیەکانی شاری هەڵەبجە دەکەین کە هەر وێنەیەکی دیکۆمێنتی مێژووییان لەسەر شاری هەڵەبجە هەیە یاخود خۆیان ئەیانەوێت لە بەشی دووەمی ئەلبومی شاری هەڵەبجە دا ناوو وێنەیان هەبێت یاخود مامۆستا ئازاد لەسەرکەسایەتیەن بدوێت لە ئەلبومەکەیدا با ناوو نیشان وکورتیەك لەژیانیان لەگەڵ وێنەی خۆیان یان خێزانی بێت بۆ مامۆستای بەڕیزی بنێرن لەڕێگەی ئەم ئیمەیلەی مامۆستاوە. دووبارە هیوای تەمەن درێژی بۆ مامۆستا ازاد دەخوازین.

azadhamdy2@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.